# له نێوان زاراوه و چەمکی ئەدەبی کۆن و ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا.

بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کۆنی کورد لە بابا تاهیری هەمەدانییەوە تا ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوو، بە ئەدەبی کۆن، یان ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەناسرێت. کاتێک ئاماژە بە زاراوەی یان چەمکی ئەدەبی کۆن دەکەین، دەشێت لە الادب القديمەی ئەدەبی عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە بابەتی الادب القديم، بابەتێکی هەرە دیاری بەشەکانی زمانی عەرەبییە لە کۆلێژ و زانکۆ جیاجیاکان گرنگی زۆری پێدەدرێت و دەخوێندرێت.

بۆیە کاتێک دەڵێین ئەدەبی کۆن، مەبەستمان لێی ڕۆژگار و سەردەمەکەیە، نەوەک کۆن و تازەیی ئەدەبەکە، بێگومان ئەو کۆنەی دوێنێ، نوێ بووە، ئەو نوێیەی ئەمڕۆش کۆن دەبێ. کەواتە کە دەڵێین ئەدەبی کۆن مەبەستمانە بڵێین ئەدەبێکە پەیوەستە بە ڕۆژگار و سەردەمی ڕابردووەوە، ئەگینا لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆک و لایەنی جوانی و سەنگینی ئەدەبەکە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت تام و بۆ و چێژی تایبەتی خۆی لە دەست نەداوە.

تەنانەت هەندێک بیروبۆچوون و دید لایان وایە سەرەڕای بوونی ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردیی، نەیانتوانیووە ئەدەبی کۆنی کوردی تێپەڕێنن و بیخەنە دەرەوەی مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە، بێگومان ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لە بارەی سەنگ و پێگەی ئەدەبی کۆنی ئێمەی کوردەوە.

له پاڵ زاراوه و چەمکی ئەدەبی کۆنەوە، له سەرچاوەکانی مێژوو و ڕەخنەی کوردیدا، کەم تا زۆر ئەدەبی کلاسیکی، یان ئەدەبی کلاسیزمی کوردیش ناوی دێت و دەنووسرێت و دەناسێنرێت، بێگومان کاتێکیش دەڵێین ئەدەبی کلاسیک، یان کلاسیزمی کوردی، مەبەست لێی ڕەسەنی و خۆماڵیبوونی ئەوئەدەبە دەگەیەنێت. ناونانی ئەدەبی کوردی بە کلاسیک، پەیوەندی بە چاولێکەری و لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی ئەوڕوپییەوە هەیە.

ئەوڕوپییەکانیش کە دەڵێن کلاسیک و یان کلاسیزم، بە واتای ئەوەی چاولێکەری و لاسایی ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن(ئەدەبی گریکی) و ڕۆمانییەکان(ئەدەبی لاتینی) کردۆتەوە، کە بەشێکی ئەم ئەدەبیاتە سەردەمەکەی بۆ چەند سەدەیەک بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، بەڵام دەشێت بپرسین ئەدەبی ئێمە هەر لە دەستپێکەوە تا نزیکەی سەدەیەک بەر لە ئەمڕۆ بە چاولێکەری و لاسایی ئەدەبی گریکی و لاتینی چنراوە؟ یان بە هی میللەتانی ڕۆژهەڵاتیی؟

بێگومان هەرچۆنێک ئێمە چاولێکەری و لاسایی ئەدەبی گریکی و لاتینیمان نەکردۆتەوە، بەڵام کەوتووینەتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتییەوە(ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکی)، بێگومان ئەو چاولێکەری و لاساییەی ئەدەبی ئێمەش زێتر لە ڕووخسار و شێوە و قاڵبی ئەدەبەکە ڕەنگیداوەتەوە، وەک لە بیر و بابەت و ناوەڕۆکی ئەدەبەکەمان.

# خاڵی لێکچوون بە دیدەکرێت لە نێوان ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەوڕوپی و ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا؟

بێگومان هەرچەندە کت و مت نەکەوتووینەتە بەر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەورووپییەوە، بەڵام لێرەو لەوێ خاڵی لێکچوون بە دیدەکرێت لە نێوان ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەورووپی و کوردیدا. دەتوانین ئەم لێکچوون و هاوبەشییە لەم چەند خاڵە پوخت بکەین...

١ـ چاولێکەری و لاساییان تەواو پێوە دیارە، ئەوانی ئەوروپی چاولێکەری و لاسایی  ئەدەبیاتی گریکی و لاتینیان کردۆتەوە، شاعیرانی ئێمەش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتییەوە بە تایبەت لە ڕووی ڕووخساری ئەدەبەکەوە.

٢ـ چ لە ئەدەبیاتی ئەوروپی، چ لە ئەدەبی کوردیدا، کۆمەڵێک یاسا و دەستووری ئەدەبی بوونیان هەبووە، کە شاعیر و ئەدیبانی کلاسیکی ناچارکردووە پێیەوە پابەندبن و لێیان لانەدەن. واتە لە ئەدەبی کلاسیکیدا لە لە سنوور و چوارچێوە دانان و لە قاڵبدان بە تەواوەتی بوونی هەبووە.

٣ ـ ئەوەی پەیوەست بێت بە مەبەست و بابەت و ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکەوە، لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەوروپی و ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، شیعری ئاییینی کۆنترینیانە و بە پێشەنگی ئەدەب و شیعری کلاسیکی لە قەڵەمدەدرێ، ئاشکرایە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەوڕوپی بیر و باوەڕ و بڕوای مەسیحیبوون، لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بیر و باوەڕ و بڕوای ئایینی ئیسلام تەواو زاڵە.

٤ـ له ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەوروپی و ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، له ڕادەبەدەر گرنگیان به شێوه و قاڵب و ڕووخساری شیعر و ئەدەبەکه داوه، به شێوەیەکی گشتی کاتێک ئاماژه به کلاسیک دەکرێت واته زاڵبوونی ڕووخساره بەسەر ناوەڕۆک، ئەمەش ئەوه ناگەیەنێت که ئەدەبی کلاسیک پێگەیەکی نەهێشتبۆوه بۆ مەسەلەی ناوەڕۆک.

بۆیە شیعر و ئەدەب لای کلاسیکخوازەکان واتە هونەریبوون و پیشەییبوون و شارەزابوون و قاڵبوونەوە و پیشەسازی شیعر و ئەدەب، ئەو شاعیر و ئەدیبەی چەندە ڕۆچووبایە نێو دنیای شیعر و ئەدەبەوە، شیعر و بەرهەمەکانی ئەوەندەیتر جوان و بەرز دەبوون و ئەرزشیان دەبوو.

# گفتوگۆ و پرسیارەکان

١ چ جیاوازییەک بە دیدەکەیت لە نێوان زاراوە و چەمکی ئەدەبی کۆن و ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا؟ ئەمە بە وردی ڕوونبکەوە.

٢ تیشک بخە سەر واتا و ئاماژە و مەبەستی (کۆن) و (کلاسیک) لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردیدا.

٣ پێتوایە ئێمەی کورد چاولێکەری و لاسایی ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەورووپیمان کردۆتەوە؟ یان هی ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتیی؟

٤ خاڵی هاوبەش و لێکچوون بوونیان هەیە لە نێوان ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەورووپی و ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا؟ بۆچی؟ لە ئەگەری بوونی خاڵی هاوبەش و لێچکوون لە نێوانیاندا بە ڕوونی باسی بکە.